بەڕێزم سەردار عەبدوڵلا،

هەژین
http://hezhean.blogspot.com

وێڕای ڕێز و سڵاوی بێپایانم، هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم...

بەڕێزم، جارێکیتر دەستخۆشانەت لێدەکەم، بەبۆنەی بەسەرکردنەوەی هونەرمەندی چەوساوەکان «کاروان عوسمان»ەوە، هیوادارم کەسانی دیکەش وەک بەڕێزتان قۆڵی لێهەڵماڵن، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری پارێزەریدا شارەزان و تواناییان هەیە، چونکە دەکرێ و جێی خۆیەتی کە داوای پێداچوونەوەی ئەو پەروەندەیە بکرێتەوە، کە لەسایەی چەقۆی بەعسیەکاندا دارێژراوە.

بەڕێزم، بەڵام بەداخەوە نازانم بۆچ ویستوتە کاری کەسانیتر نادیدە بگری و بێنرخی بکەی ؟ لە کاتێکدا کە هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی بابەتەکەی بەڕێزتان لە ژمارە 16ی «گۆڤاری هانا» نووسەری ئەم نامەیە، ئیمەیلێکم بۆ بەڕێزتان نارد و تێیدا داوای زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی هونەرمەند و چۆنیەتی لە سێدارەدانەکەی کرد و بۆتم نووسی، کە بەتەمام نوسینێکی لەسەر بنووسم. بەڕێزتان لەوەڵامدا نووسیتان " بابەتەکەتم بۆ بنێرە تاوەکو بیخوێنمەوە"، منیش لە وەڵامدا بۆتم نووسییەوە، کە من هێشتا بابەتەکەم نەنووسیوە و پێویستم بەو زانیاریانە هەیە. من ناچار بابەتەکەم بە نیوەناچڵی نووسی. هەڵبەتە بیستبووم کە پەیوەندی بە کانونی هونەر و ئەدەبیاتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان / سازمانی کوردستانی حکاوە هەبووە و ئیمەیلیشم بۆ ئەوان نووسی و بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامیکیان نەدامەوە.
هەروەها ئەو ماڵپەڕە بێناونێشانە کە بەڕێزتان باسی دەکەن، پاش هەوڵێکی زۆر هاتوتەبەرهەم و لە جیهانی ئینتەرنێتیشدا، ماڵپەڕ بێناونیشان (بێ ئەدرەس) بوونی نابێ. گەر مەبەستتان ناوی سازدەرەکەیەتی، ئەوە من پێیهەستاوم و بۆ سنگدەرپەڕاندن نەمکردووە، بۆیە تەنانەت ئیمەیل ئەدرەسەکەی خۆیم نووسیوە و لەوساکەوە تا ئێستاکە ڕۆژانە چەندین کەس ئیمیل دەکەن و دەستخۆشانە لە سازدەرە نەناسەکەی دەکەن.
لە ماوەی دوو ساڵدا هەوڵم دا، دەقی گۆرانییەکانی و کاسێتەکەی بەتەوای بەدەست بێنم و بۆ ئەو مەبەستەش هەر هاوەڵێک و ناسراوێکم چووبێتەوە کوردستان، داوام لیکردووە، کوپییەک لە کاسێتەکەیم بۆ بێنێ، بەو نیازەی کە گشت گۆرانییەکانی تێدا بیت، بەڵام بەداخەوە لە چوار کاسێت، کە بۆم هاتووە ، هیچکامیان ئەو سروودەیان تێدا نییە (کە بەڕێزت لەپاڵ وێنەکەیدا نووسیوتە و چونکە لەسەر ماڵپەڕە بێناونیشانەکەی وەرگرتووە و منیش هەرئەوەندەم لە سروودەکە نووسیوە، نەمتوانیوە تەواوی بکەی) و داواشم لەزۆر کەس کرد، بەڵام لەوە دەچێ، ئەو سروودە کە شوناسنامەی سۆشیالیستبوون بە هەنەرمەند دەبەخشێ، بە مەبەستەوە سانسور کرابێ و سڕابێتەوە[1]. بۆ ئەوەی کاسیتەکە بکەم بە CD و لەوێشەوە گۆرانیەکانی بە MP3 لەسەر ماڵپەرەکەی دانێم، بۆ ئەو مەبەستە داوام لە هاوکارێکی «پۆلۆنی»م کرد و ئەویش دڵسۆزانە بۆی ئەنجامدام و هەر ئەو کارە بوو، کە وای کرد لە کوردستانیش گۆرانیەکانی بخرێنە سەر CD بە هۆی ئامێرە تازەکانەوە خۆیان بکەنەوە بە ماڵی جەوساوەکاندا.
ئێتر لەوکاتەوە بەردەوام لەهەر کوییەک ماڵپەڕێکی تایبەت بە موزیک یا هەر ماڵپەڕێکی کوردی، کە ئامادەیی دانانی لینکی کەی هەبوبێت، من لینکی ماڵپەڕەکەی http://karwan-usman.cjb.net یان http://geocities.com/karwan_usman داناوە و لەوانەش ئەم ماڵپەرە :
http://www.worldmusic.cn/musicboxv2/index.php?action=artist&id=154
کە چەند مانگ لەمەوپێش چاوم پێکەوت و دەستبەجێ لینکم بۆ دانا و بەڕێوەبەری ماڵپەرەکەش زۆر دڵسۆزانە و بەڕێزانە ئامادەیی خۆی دەربڕی و داوای وێنە و کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەندی کردبوو، منیش لەبەر ئەوەی ژمارە 16 گۆڤاری هانام لەبەردەستدا نەبوو، لە چاپی ئینتەرنێتی ئەو ژمارەدا وێنەکەی لەتەک وتارەکەی بەڕێزتاندا بڵاونەکراوەتەوە، بۆیە دوو جار ئیمەیلم بۆ گۆڤاری هانا نارد، بەداخەوە هیچ وەڵامێکیان پێنەدامەوە و بۆ بەڕێزیشتانم کرد، ئیمەیلەکەم لۆ گەڕایەوە ، لەبەر ئەوەی ئەو ئەدرەسە نەمابوو. ناچار داوام لەو برادەرە کرد، کە ژمارە 16 گۆڤاری هانای لێم وەرگرتبوو، بۆم پۆست بکاتەوە. بەوشێوە توانیم وێنەکەی سکانەر بکەم و لەگەڵ کورتەیەک، کە هەر لە وتارەکەی بەڕێزتانم وەرگرتبوو و بەنووسینی تێنییەک لە ژێریدا، کە لە وتارەکەی بەڕێتانەوە وەرگیراوە، بۆم ڕەوانەکرد و ئەویش کارەکەی ئەنجام دا و ئەگەر کاتت هەبێ دەتوانی سەردانی ئەو ماڵپەرە بکەی تاوەکو بزانی لەو ماڵپەرە بێناونیشانەوە ڕۆژانە چەند کەس گوێ لە گۆرانییەکانی ڕادەدێرن و دایدەگرن.
خۆزگە بەڕێزتان بە وتارەکەی خۆتاندا هەڵنەدەدا و کاری کەسانی کەشتان بێنرخ نەکردایە، تاوەکو منیش ناچار بەوەڵامێکی وا نەبومایە، کە قەد بیرم لێی نەکردۆتەوە.
جارێکیتریش دەڵێم کاروان ژیان و بوونی خۆی کردە پێناو ئێمە چەوساوەکان، دەی با ئێمەش زۆرنا تەنیا چەند خولەکێک لە کاتمان بۆ سڕینەوەی ئەو تۆمەتە هەڵبەستراوە و پێداچوونەوەی ئەو سزا نادادوەرانەیە تەرخان بکەین و ئەو ڕۆژە شومە بکەینە ڕۆژی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بە شۆڕشگێر و ناشۆڕشگێڕیەوە!

**1-** لە کوردستان کۆپییەکی کۆنی کاسێتەکە، کە هی سەردەمی پێش ڕاپەڕین بوو، ئەو سروودەی تێدابوو و هاوەڵێکی کەمتەرخەم بردی کۆپی بکات ، کەچی کاسێتەکەی ئێمەشی فەوتاند.